# یەکێتی رادیۆوتەلەفزیۆنکارانی کەرکوک دوا هەناسەی خۆی دەبەخشی؟!. . نامەیەکی کراوە بۆ: - بەرێز د. کمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. - رای گشتی

دەمانەوی وەیادت بخەین کە لە رێکەوتی (2005\9\29) ئێمەی راگەیاندنکارانی کەرکوك کە پێکهاتبوین لە سەرجەم دەزگاکانی رادیۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك بە هەموو پێکهاتەکانەوە، لە خزمەتی بەرێزتاندا بووین لەو دیدارە کە داوایەکمان خستە بەر دەستی بەرێزتان تا پەرلەمانی کوردستانی مشورێك لە راگەیاندنکارانی کەرکوك بخۆا هاوپێچ لەگەل ئەم نامەیە پوختەیەکی ئەو داخوازییە بلاودەکەینەوە.
بەرێزم ناچارین جارێکی تر باس لەو رێخراوە بکەین کە پتر لە دووساڵە لە نێو هەناوی کێبرکیەکی توندی نێوان کوردستانیان و لایەنەکانی تری دژ بە کوردستانیان بە هەڵبژاردن هاتە مەیدان بە هیوای ئەوە بووین بتوانین وەك رێخراوێکی گرنگ خزمەت بە ئایندەی شارەکەمان بکەین لە رووی کاری راگەیاندنەوە. . حەیفم بەرێزم کە تا بە ئێستا هیچ لایەنێك بە دەم داخوازییەکانمانەوە نەهات تەنی وەك چۆن بەرێزت بەلێنت پی داین هەر وا بە بەلێن نێزگ بە سی سالی کارمان گوزراند کە چەندین فرسەتی گرنگی ئیعلامیمان بۆ خزمەتی کوردستانی کەرکوك لە دەست دەرچوو کە هەر لەم بابەتە ئاماژەی پی ئەدەین.
لە سالی رابردوو بە هەمان شێوە شاندێك لە یەکێتیەکمان کە تورکمان و ئاشوری و عەرەبشی تێدا بوو بۆ لای بەرێز وەزیری رۆشنبیری ئەو بەرێزە لە نوسنگەکەی خۆی چاوی پی کەوتین لی جارێکی تر حەیف ئەو دیدارەش هیچی لی سەوز نەبوو بەلکو ئەو بەرێزە راشکاوانە پیی گوتین ناتوانین هیچتان بۆ بکەین لەبەر ئەوەی ئێوە ئێراقین؟!. . بە لامانەوە سەیر بووا. . ئەری کەس هەیە وەك کەرکوکی بێز لە ئێراقی بوونی خۆی بکاتەوە؟!. .
لە هەردوو دەسەلاتی کوردستان داوامان کرد میزانیەمان پی بدەن تا بتوانین کار بکەین. . ئاخر کاری ئێمە بەم جۆرە بوو. . :
ئەمەریکێکان لە کەرکوك داوایان لی کردین کە کاری رادیۆ تەلەفزیۆنەکان رێك بخەین ئەو دەسەلاتیان پی داین کە مۆلەتی فەرمی کارکردن بۆ رادیۆ تەلەفزیۆنەکان لای ئێمە بێت ئێمە چەناڵ بۆ تەلەفزیۆنەکان شەپۆل بۆ رادیۆکان دیاری بکەین. . . کە تائێستا ئێمە بەرپرسیارین لە ریکخستنی کاروباری رادیۆ تەلەفزیۆنەکانی کەرکوك. . . دیسان حەیفی بۆ کەرکوك پارەی ئەو کلێشە نازدارەمان نەبوو کە زۆر کەم پارەی دەویست کە بە زمانی کوردی و عەرەبی مۆلەتی ئەو کەنالانەی لە خۆ دەگرت بە رادیۆتەلەفزیۆنی نەیارانی کوردستانیشەوە. . . ئاخر تەنیا رێخراوین کە یەك دینار میزانیەمان نیە. . بە ئاگاین چلۆن پارەیش بۆبە ناو ئەو رێخراو سەندیکایانە سەرف دەکری، وە تا هەنوکەش یەك لایەن یارمەتی نەداوین.
بەلی سەنتەرێکی گەورەیان خستە ژێر دەستی ئەم رێخراوە بی ناز و کەسەوە کە بەریتانیەکان لە کەرکوك زۆری پێوە ماندوو بوون تا دروستیان کرد بەرێزم پارەی کرییخانویەکمان نەبوو. . . ئەو سەنتەرە کە نێوی سەنتەری راگەیاندنی کەرکوك بوو بە یەك دونیا کەلو پەلی راگەیاندنەوە. . ئاخر ماندوو بوین تا توانیمان بە هەولێکی زۆرلە

ژێر دەستی ئەو عەرەبە شۆفێنیانە دەری کەین داوای یارمەتیمان کرد هیچ لایەنێك ئامادەی هاوکاریکردنمان نەبوو؟.
کاری ئەو سەنتەرە زۆر گرنگ بوو بۆ کاری راگەیاندن لە شاری کەرکوك زۆر دەسەڵاتی پی درابوو بەداخەوە فەرامۆش کرا.
بۆ زانیاریئێمەی ئەندامان و سەرۆکی دەستەی کارگێری ئەم رێخراوە لە دوای دە رۆژ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم نوسینە ئەگەر بە دەنگ ئەم داوایەوە نەین بەرپرس نین لەو رێخراوە وە ئوبالی مێژووی دەخەینە سەر ئەستۆی هەردوو ئیدارەی حکومەتی کوردستان هەردوو حزبی سەرەکی کوردستان کە بە دەنگ هاوارمانەوە نەهاتن. . . لەگەل رێزماندا
- یەکێتیەکەمان هەموو رەنگێکی تێدا هەبوو بە نەتەوە جیاوازەکانی شاری کەرکوك و حزبە کوردستانیەکان لە چەپەوە تا راست زۆر بە تەبایی کارمان دەکرد.
- پتر لە سێسەد ئەندامی لە دەوری رێخراوەکەمان کۆبوەتەوە.
- دەستەی کارگێری یەکێتیەکەمان لە 17 کەس پێك هاتبوون بەم شێوەیە:
کورد (8) عەرەب (2) تورکمان (2) ئاشوری (3) .

## ناوی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری

1- کاوێزمەلاپەروێز سەرۆکی یەکێتی رادێو و تەلەفزۆنکارانی کەرکوك
2- هیدایەت رەحیم ئەندامی دەستەی کارگێری
3- ئەکبر سەبیح ئەندامی دەستەی کارگێری
4-سەیوان سەمەد ئەندامی دەستەی کارگێری
5- یاسین مولود محمد ئەندامی دەستەی کارگێری
6- ئەحمد عزالدین ئەندامی دەستەی کارگێری
7- بسام پۆلس ئەندامی دەستەی کارگێری
8- رعد نجم الدین ئەندامی دەستەی کارگێری
9- ئێلن ئیشایە ئەندامی دەستەی کارگێری
10- مقداد فیزوللە ئەندامی دەستەی کارگێری
11- رۆدی ئەنوەر ئەندامی دەستەی کارگێری
12- یوسف ئەحمد ئەندامی دەستەی کارگێری
13- ئارام جمال ئەندامی دەستەی کارگێری
14-سامان سەبری ئەندامی دەستەی کارگێری
15- رسل حمید ئەندامی دەستەی کارگێری.

هەرکەس و لایەنێك بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر یەکێتیەکەمان دەتوانی پەیوەندیمان پێوە بکات.
پوختەی ئەو خاڵانەی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستمان کرد کە بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەلێنی جێبەجێکردنی پی داین پترلە چوارمانگ بەسەر ئەو داخوازیە تێپەری هیچ وەڵامێکمان پی نەگەیشت.
1- دابینکردنی میزانیەك بۆ بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەی یەکێتیەکەمان لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم وەك هەر سەندیکاو رێکخرای پیشەیی تر کە هەن.

2- داوا دەكەین لەسەر ئاستی كوردستان یەكێتیەكەمان حیسابی بۆ بكری لە بوارەكانی كردنەوەی خولی راگەیاندن لە كوردستان و دەرەوەی كوردستان كە بەشداری بە راگەیاندنكارانی كەركوك بكری.
3- بەشداریكردنمان لەو لیژنانەی كە پەرلەمانی كوردستان بۆ ئاسایی كردنەوەی شاری كەركوك دروستی كردوە بە تایبەت لە رووی كاری ئیعلامیەوە، كە یەكێتیەكەمان ئەمرۆ چەترێكە بۆ راگەیاندنكارانی كەركوك.
4- ئەمە جگە لەو پرۆژەیە بۆ كردنەوە و دروستكردنەوەی سەنتەری راگەیاندنی كەركوك پێشكەشمان كرد.

لەگەل رێزماندا
دستەی كارگێری یەكێتی
رادێوكاران و تەلەفزێۆنكارانی كەركوك